# خیانەتکردن لە ژیانی هاوسەریدا

ژیانی هاوســەرێتی لە پێکەوە ژیانو رێزو وەفاداریو راســتگۆیی لەگەڵ یەکتری پێکهاتووە ، بەڵام هەندێکجار ئەم رێز و خۆشەویستییە تووشی لەنگ و لادان دەبێت لە رەوتی راستی خۆی واتە ژن و پیاو تووشی خیانەت کردن دەبن لە یەکتری، هەڵبەت ئەمە کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، لەم نووسینە کورتەدا چەند هۆکارێکی سەرەکی دەخەمە ڕوو:

١ . گرنگــی نەدانــی ژنەکــە بە خۆی: ژنــان دوای ماوەیــەك لــە پێکهێنانی ژیانی هاوســەرییەوە پــاك و خاوێنی و جوانی ڕووکەشــی خۆیان گوێ پێنــادەن، چونکە هەندێــك لە ژنــان بڕوایان وایە کە ئیتر مێردەکەی ســەیری کەســی تر ناکاتو بیر لە هێنانی ژنی تر ناکاتەوە، لەبەرئەوەی چەند ســاڵێك بەســەر ژیانی هاوسەرییان تێپەڕیووەو منداڵیشیان بووە، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە کە لای زۆربەی ژنان دروست بووە.

٢. نــا ئومێدی لە ژیانی هاوســەریدا: ڕۆتینی ژیان و بــێ ئومێدی، دوژمنی ژیانی هاوسەرێتین. هێندەی تێبینی دەکرێت ئەم نائومێدییە لە لای پیاوان زیاترە وەك لە لای ژنان هەر بۆیە پیاوەکە هەوڵی تازەکردنەوەی دەدات لە دەرەوەی ماڵ.

٣ . گرنگی دانی لەرادەبەدەر بە منداڵەکان: ژنان دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و منداڵبــوون ئیــتر وا هەســتدەکەن کــە کاری ئــەوان بریتییە لە کاری نــاو ماڵو منداڵەکانیان، هەر بۆیە پیاو وا هەستدەکات کە ژنەکەی گرنگی پێناداتو پشت گوێی خســتووە، ئەمەش بارودۆخەکە خراپترو دژوار تر دەکات، لەهەمان کاتدا پێویســتە ژنەکە گرنگی بدات بە منداڵو مێردو ماڵو هاوڕێو خزمانی هەردوو بنەماڵە.

٤. بێئاگایی ژن بۆ پڕکردنەوەی پێویســتیە سۆزدارەکانی پیاوەکەی: کاتێك ژنەکە لەبەر هۆکارێك بێ ئاگا دەبێت لە پڕکردنەوەی پێداویستیە سۆزدارییەکانی پیاوەکەی ئەویش بە پێدانی خۆشەویســتیو سۆزو چاودێری، ئیتر پیاوەکە وا هەستدەکات کە ژنەکەی سۆزی پێنابەخشــێت یان ئامادەنییە سۆزی لێوەرگرێ، کە ئەمەش جۆرێك ئەبێت لە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی.

٥. ئاســوودەییو نائارامی لە ژیانی هاوســەرێتیدا بەهۆی زۆری جیاوازییەکانەوە: هەندێك جار ژن و پیاو بیرو بۆچوونیان لەســەر بابەتێکی دیاری کراو زۆر جیاوازە لــە یەکتری یاخود بۆچونیان جیاوازە جا چ بگەڕێتەوە بۆ پلەو پایە یاخود ئاســتی ڕۆشــنبیری یان تەمەن ..تد، هەموو ئەم جیاوازیانە وا دەکات کە ئەو ژن و پیاوە بە یەکەوە ئاســوودە نەبن، هەر بۆیە لە یەکتری وەڕز دەبنو ئەمەش وایان لێدەکات کە بیر لە پێکهێنانی پەیوەندی بکەنەوە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری.

٦. نزمی ئاســتی ڕۆشــنبیری و بوونی جیاوازی زانســتی لە نێوان هاوسەرەکاندا: هــەروەك لە ســەرەوە ئاماژەم پێــدا هەندێك لە ژنان وا دەزانن ئیشــی ئەوان تەنها بەخێــو کردنــی منــداڵو کاری ناوماڵ، هەر بۆیــە ژنان خۆیان گۆشــەگیر دەکەنو پیاوەکانیش سەرقاڵی کارو فەرمانن لە دەرەوەی ماڵ، ئەمەش وا دەکات کە هاوسەنگی نەبێت لە نێوان کارەکانیان یان پێدەچێت کوڕەکە کچێکی نەخوێندەوار بهێنێت یان بە پێچەوانەوە.

٧ . کێشــەی سێکســی: ئەم تەوەرەیە بە هەســتیارترینو گرنترین باس و خواس ئەژمار دەکرێت، کیشــەی نێوان ژنو پیاو لە ڕووی هاوسەنگی سێکسەوە، مەبەستم ئەوەیــە کاتێك ژنەکە ئارەزووەکانی پیاوەکــەی تێر نەکات یاخود بە پێچەوانەوە بە تایبەتیش دوای ئەوەی چەند ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر ژیانی هاوسەرێتیدا.



**فەرهەنگ جەلال_سلێمانی**
farhang_jalal@yahoo.com